# تیرۆریست له هەر جل و بەرگێك دا بێ تیرۆریسته

برایم جەهانگیری

تیرۆر وەك دیاردەیەكی ناجوامێرانه و دژی بەشەری به تایبەتی لەم چەند دەیەی دوایی دا هەزاران مرۆڤی بێ تاوان و سەدان تێكۆشەری رێگای ئازادی خەڵتانی خوێن كردووه، گەلێ بنەماڵەی لەبەر یەك هەڵوەشاندووه، ژنانی بێوه كردووه و مندالانی بێ سەرپەرست و بێ پەنا هێشتۆتەوه.

ئەگەر ئاورێك بۆ سەرهەڵدان و ریشەی تیرۆر بدەینەوه رەنگبێ یەكەم بناخەی تیرۆر و تیرۆریزم له سەدەی یازدەی زایینییەوه و له لایەن حەسەنی سەباح یان خواوەندی ئەلەموتەوه دامەزرابێ. حەسەن سەباح له قەڵای ئەلەمووت را به دژی نەیارانی خۆی پیلانی تیرۆری دادەڕشت و موخالیفانی له ناو دەبردن.

بەو بۆنەشەوه كورد و هێزه ساسیی یه كانی كوردستانی گەلێ جار كەوتوونەته بەر هێرشی تیرۆریستی وسەركرده و ناوداری زۆریان لەم پێوەندیی‌یه دا بوونەته قوربانی تیرۆریزم. دوو شەهیدی ناوداری كورد، دوو سەركردەی لێوەشاوه، د. قاسملوو و د. شەرەفكەندی كه هەر دووكیان یەك له دوای یەك سكرتێری گشتی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بوون، به دەستی تیرۆریستەكانی رێژیمی ئیسلامی ئێران شەهید كران. لەم پێوەندیه دا دادگای میكۆنوس رێبەرانی رێژیمی ئیسلامی ئێرانی به تاوانبار زانی و بریاری مێژوویی خۆی له ١٠ی خاكەلیوەی ١٣٧٦ دەركرد و خامنەای رێبەر، فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئەو كاتەی رێژم و عەلی ولایەتی و رەفسەنجانی به تاوانباری سەرەكی زانی" دیاره ئەو بڕیاره بڕیارێكی كوت و پڕ و له نەكاو نەبوو، ئەو حوكمه پاش زیاتر له سێ ساڵ و زیاتر له ٢٠٠ جار كۆبوونەوەی دادگاكه راگەێیندرا. هەر له پێوەندی لەگەڵ تیرۆری سەركرده و كەسایەتی‌یه سیاسی‌یەكانی كوردستان تیرۆری فرانسوا هەریری تێكۆشەری دێرین و ئەندامی كومیتە ناوەندی پارتی دێموكراتی كوردستانی عێراق داخێكی گەورەی له سەر دڵی ئازادیخوازانی كورد دانا و پەژارەی خستە نێو كۆمەڵگای كوردەواری به گشتی. پێش هێرشی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانیان بۆ سەر حكوومەتی فاشیستی بەعسی عێراق، دەستی رەشی تیرۆر گیانی رۆڵەیەكی تێكۆشەری دیكەی ئەستاند و بووه هۆی شەهید بوونی شەوكەتی حاجی موشیر ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، دیاره لەم بەینه دا زۆر كەسی دیكه تیرۆر كراون كه ئەوانیش پێویسته بەره بەره لێكۆلێنەوەیان له سەر بكرێ و دۆسیەكانیان كراوه بێ.

تیرۆر و رەشەكوژی لەم چەند ساڵەی رابردوو دا به داخەوه زەبرێكی گرانی له جەستەی تێكۆشەرانی ئێرانی نیشتەجێ له كوردستانی عێراق داوه به تایبەتی له دوای راپەرین و له گەرمەی شەری براكوژی دا ئەم تیرۆرانه گەیشتە ئەو پەڕی خۆی. هەر چەند له پێش راپەرین دا و له كوردستانی عێراق یەكەم تیرۆری تیكۆشەران دەست پێ دەكا و له رۆژی ٢٠/٩/ ١٩٩٠ و له شاری رانیه كاك عەبدوڵا بیژەن فەر شەهید دەبێ.


بەڵام دوای راپەرین و به تایبەتی بەدەست پێ كردنی شەری براكوژی له كوردستانی عێراق، زەمینه بۆ دەست تێوەردانی دەرەكی خۆش دەبێ و لەم نێوەدا رێژیمی ئیسلامی ئێران هەم ئەزموونی چاكی هەبوو و هەم له رێگای بنكەكانی "قەرارگا" و "مانگی سوور" توانیبووی كەسانی شارەزا و پسپۆری سیخوری و تیرۆر بخزێنێته كوردستانی عێراق و هەندێ بوونەوەری به رواڵەت مرۆڤ بكرێ و بتوانێ به بەرنامەیەكی بەر بڵاوی تیرۆر زەبری كاریگەری خۆی له جەستەی هێزەكانی كوردستانی ئێران بوەشێنێ.

له رۆژی ٢٢/٨/١٩٩١ و له شاری سلێمانی دا "ئەحمەد كوردكشی" تیرۆر دەكرێ و به پێی ئەم زانیاریانەی كه من له بەر دەستم دایه، ئەوه یەكەمین تیرۆری دوای راپەرین بووه، لێره بەولاوه تیرۆرەكان رەوتێكی خێراتر به خۆوه دەگرن تا دەگاته ئەو جێگەیەی كه رۆژی وا بووه چەند تیرۆر به ئەنجام گەیشتووه و چەند رۆڵەی كوردی خەڵتانی خوێن كردووه.


لەگەڵ ڕێژم بۆ هەموو حیزبە کوردستانییەکان دەبێ بڵێم بە داخەوە لەم ماوەیە دا ئەوان لە بەر کێشەی دەسەڵات و لە بەر بەرژەوەندی حیزبی چاویان لە زۆربەی ئەو جنایەتانە پۆشی و گوێیان پێ نەدەدا ئەو هەمووە کارەساتەی کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان دا دژ بە کوردەکانی ئێران دەخوڵقا.

ئەو تیرۆرانە وای لە تیکۆشەرانی ئێرانی کرد کە لە نیسێی خۆشیان بترسن و لە ناو بنکەکانی خۆشیان دا ئاسوودە نەبن. لە نێو شارەکاندا زۆر بە ئاسانی بارەگاکانی حیزبی دیموکرات دەکەوتە بەر هێرشی RPG، بێ ئەوەی کەسێك هەبێ تیرۆریستەکان بگرێ و تەسلیم بە دادگایەکی عادیلانەیان بکا؟! ئەم ڕەفتارە وای کرد کە لە ساڵی ١٩٩٥ تا ١٩٩٨ دەستەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزبی واز لە خەبات بێنن و خۆیان بە UNHCR بناسێنن تا بەڵکو بەم شێوەیە گیانیان لە چنگ تیرۆر و ڕەشەکوژی قوتار بێ، هەر ئەوەش زەبرێکی کاریگەری لە جەستەی هێزە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا.

ڕەنگبێ ئێستا خەڵکێك بڵێن، ئەوانە چۆن تێکۆشەرێك بوون کە لە ترسی تیرۆر واز لە شۆڕش بێنن؟ بەڵام کەسێك ببینێ لە لایەن برا و هاورەگەزی خۆی بە دەگەی نامەردانە دەرفێندرێ و شەهید دەکرێ و تەرمەکەی لێرە ولەوێ فڕێ دەدرێ، کام وەری شۆڕشگێری دەمێنێ، کەسێك ببینێ براو و هاورەگەزی دەی کوژێ و حیزبە شۆڕشگێر و دۆست و هاوپەیمانەکانیش لە لە سەری وەجواب نایەن کام ورەی شۆڕشگێری بمێنێ؟ کەسێك ببینێ تیرۆریستەکان تەنانەت بەزەیی یان بە منداڵی پێنج ساڵەش دا نایەتەوە و **ئامانجی پیرۆتە سوور** لە گەڵ بابی دەدەنە بەر دەسڕێژی کوێرانەی چەکەکانیان و کەسیش لەسەریان وەدەنگ نایە چۆن ورەی شۆڕشگێری دانابەزێ؟؟!!


شەهید ئامانج پیرۆتە سوور

لەم ماوەیە دا و لە کوردستانی عێراق ٢٠٨ کەس مرۆڤی شۆڕشگێری کورد بە دەستی تیرۆریستەکان شەهید کراون، لەم نێوە دا ١٤٩ کەس لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣ کەس لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان، ٨ کەس یەکێتی شۆڕشگێران، ٤ کەس لە خەبات و ١ کەس ڕەنجدەران، ئەمە بێجگە لەو کەسانەن کە وازیان لە حیزبە کوردستانییەکان دێنا و پەنایان دەبردە بەر UN و وەك پەنابەر دادەنیشتن کەچی بەم حاڵەش ٣١ کەسیان لێ شەهید کردن کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، دیارە هەر لەو تیرۆرانە دا زیاتر لە ٦٠ کەس بە خەستی بریندار بوون و بەشێکیان بۆ هەتا هەتایە بە پەك کەوتەیی دەمێننەوە، دیمەنی ئەو منداڵانەی دوای شەهید بوونی بابیان بە دەستی تیرۆریستەکان لارەمل لەگەڵ دایك و خاڵەکانیان بەرەو ئێران دەگەڕانەوە تا هەتایە لە بەر چاوی هاوڕێیانیان وەن نابێ و وێژدانی مرۆڤایەتیش دەرهەژێنێ.



شەهید مەنسوور فەتاحی

زۆرترین تیرۆرەکانیش لە شاری سلێمانی دا بووە کە بریتی بوون لە ٦٢ عەمەلیاتی تیرۆریستی، هەولێر بە ١٩ عەمەلیاتی تیرۆریستی و جیژنەکان ١٣ عەمەلیات و باقی تیرۆرەکان لە شوێنەکانی تر دا کراون.

من نام هەوێ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی و یان لایەنێك لەو ڕێکخراوانە بە پشتگیری لە تیرۆریزم تاوانبار بکەم بەڵام با داستانی یەکێك لەم تیرۆرانە بگێڕینەوە ئەو دەم هەر کەس بۆ خۆی خاوەن بڕیارە سەبارەت بەو غەدر و تاوانەی دەهەرق بە کوردە ئێرانییەکان کراوە.

www.kurdistannet.org

رۆژی ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ دەستەیەك لە تێكۆشەرانی حیزبی دێموكرات لە نزیك شارۆچكەی دوكان دەكەونە بۆسەیەكی تیرۆریستان، تەقەیان لێ دەكرێ و هاورێ مەنسووری فەتاحی ئەندامی سەركردایەتی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بریندار دەبێ بەڵام ئەوانی دی لە ماشێنەكە دێنە خوارەوە و ئازایانە بەرنگاریان دەبنەوە و لە ماوەیەكی كورت دا راویان دەنێنن و ماشینێك و بەڵگە و سەنەدێكی زۆریشان دەست دەكەوێ، ئەم جار بە دوو ماشێن بەرەو شاری كۆیە دەكەونە رێ "دیارە ماشێنی تیرۆریستەكان كە كەوتبووە دەست پێشمەرگەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە بازگەكە رەت دەبێ و دەگاتە نێو بارەگای حیزب و بەلگەیەكی باشیش كە هەڵگری زۆر زانیاری سەبارەت بە تیرۆرەكانی ناو كوردستانی عێراق بوووەدەست دێ. بە داخەوە لە رێگا دا كاك مەنسووری فەتتاحی شەهید دەبێ و ئەوانی دیكەش هەر لە بازگەكە دا دەكەونە بەر دەست رێژ و بە داخەوە هەر چواریان شەهید دەبن : (١. **سەید مەنسوور ناسری، ٢. ئەبووبەكر ئیسماعیل زادە، ٣. رەفعەت حوسێنی، ٤. یەدوڵڵا شیرین سوخەن**




ئەمە چیرۆك و بەسەر هاتی ئەو چەند كەسە بوو كە وەكو نموونە لەم ووتارە دا باس كرا، بەڵام ئێستا كە بە خۆشیەوە شەری برا كوژی نەماوە، رێژمی بەعس رووخاوە و دەست تێوەردانی دەرەكی خەریكە خاشەبڕ دەبێ، با خوێنی بە ناهەق رژاوی ئەو شەهیدانە ون نەكەین و تیرۆریستەكان بناسێنین" چونكە تیرۆریست لە هەر جل و بەرگێك دابێ هەر تیرۆریستە.

بەرێزانی :

- ❑ یەكێتی نیشتمانی كوردستان
- ❑ پارتی دیموكراتی كوردستان
- ❑ حیزبی شیوعی كوردستان
- ❑ حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان
- ❑ پارتی كاری دیموكراتیك
- ❑ یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان
- ❑ بزوتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی كوردستان
- ❑ روناكبیرانی و رۆژنامە نووسان

با هەموو لایەك هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و دڵنیاش بین لە داهاتوو دا ئەو كارانە لە بەرژەوەندی گەلی عێراق و هەموو مرۆڤایەتی دایە.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چوونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.